# دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەوان (ستیفان شەمزینانی) لەمەڕ پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی نێرومێ و پرسی خۆشەویستی

سازدانی دیمانە: ئەوین عەلائەدین

- بەشی دووەم وکۆتایی –

**ئەوین:** تۆ چی دەڵێی لەسەر ئەو خۆشەویستییەی لەبەر ئەوەی باوکی کوڕیک بەکورەکەی دەڵێت دەزگیرانەکەت باڵای کورتەو بەدڵم نییە، ئیتر کۆتایی پێدیت؟

**ستیفان شەمزینانی:** لەراستیدا خۆشەویستی پلەیەکی ئەوەندە باڵاترە ,تانەو تەشەرو توانجی خەڵک ناتوانێت بگاتە دامێنی، **باڵاو گەردنی عەشق هێندە بڵندە هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی ناتوانی بگاتە قولەپێی جا نەخاسمە ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی هەبیت لەخاوکردنەوەو کۆتایی پێهێنانی.**

بەشەکەی تری قسەکانم هەڵدەگرم بۆ ئەوەی هیمابکەم بەوەش کە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی ئێمە ڕیگرن لەبەردەم عەشقداو میکانیزمیکن بۆ ساردکردنەوەی گەنجان لەو ڕووەوە، تەنانەت زۆر باوک هەن دەڵێن مادام کچەکەم دەیەویت بەخۆشەویستی شووبکات، من نایەڵم ئەو زەواجە دروست بیت.

دیارە هەموو مرۆڤەکانیش وەک یەک نین، کەسانیکی زۆر هەن لاوازن و نەگەیشتوونەتە ئەو پلەیەی قسەو قسەلۆک کاریگەرییان تێنەکات، ناچار تەسلیم بەواقیع دەبن هەرچەندە ئەو واقیعە تاڵیش بیت.

**ئەوین:** خۆشەویستییەکانی ئێرە زیاتر لەسەر بنەمای حەزن نەک لەسەر بنەمای عەقڵ و ژیریی؟

**ستیفان شەمزینانی:** حەزدەکەم لەوەوە دەست پێبکەم کە دەڵێی پێویستە خۆشەویستی لەسەر بنەمای عەقڵ بونیاد بنریت، بەلام بە بۆچوونی من لەخۆشەویستیدا عەقڵ ڕۆڵ نابینیت، بەڵکو بە پێچەوانەوە عەشق بەهەموو جۆرێک دژی عەقڵە، چون عەقڵ لایەنە لۆژیکییەکانی هەر شتیک لێکدەداتەوە، عەشقیش دژی لۆژیکە، لۆژیک ڕیگرە لە بەردەم سەرچڵییەکانی عەشق.

**بەلام سۆز وەک قوبتانیکی تورە وایە کە بەرەو ڕووی شەپۆلە هەڵچووەکانی ئۆقیانووس دەبیتەوە، عەشق وەک کردەی فڕینە, بەلام عەقڵ باوەڕ بەفڕینی دیدالێۆسیانەی مرۆڤ ناکات.**

کاتیک کەسیک دەتوانیت عاشق بیت کە جلەوی خۆی وکاروکردەوەکانی بداتە دەستی سۆزیکی قووڵ، بیداتە دەست دڵی، بەلام کاتیک عەقڵ بەشداریی کرد عەشق وەک مەڵیک دەفڕیت.

خولاسە عەشق لەسەر بنەمای سۆزدارییەکی ڕووت بونیاد دەنریت نەک لەسەر ستروکتوری عەقڵ. من ویستم ئەم ڕوانگەیە لای گەنجەکان ڕوون و ئاشکرا بیت، لە هەمان کاتدا بۆیان ڕاست بکەمەوە کە عەشق زۆرانبازییەکی ترسناکەو پرۆسەیەکی ناعەقلانی لەسەدداسەدە.

**ئەوین:** ئەگەر عەقڵ نەبیت کەواتە تۆ لەسەر چ بناغەیەک خۆشەویستی بونیاد دەنییت؟

**ستیفان شەمزینانی:** لەسەر بناغەی سۆز، لەوانەیە ژیرییم فەرمانم پێبکات ئەو کەسەی هەڵمبژاردووە کەسیکی گونجاو و هاوشان نەبیت لەگەڵ من بەبیانووی جیاوازیی چینایەتی یان هەر جیاوازییەکی تر، بەلام سۆزی من هەمیشە وەک پاڵنەریک، وەک ڕەشەبایەک دەمبات بۆ لای.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

حەزم لەوە نییە بەزمانی مەجازو شیعریی قسە بکەم، بەڵام ئەوە عەقلە دەڵێت فلان کورتە باڵایە، لەچینی خوارەوەیە، لەبەرامبەریشدا ئەمە سۆزە ئەو شتانە لەبیردەباتەوە.

**ئەوین:** تۆ دەڵێی عەشق بەعەقڵ ناکریت بەڵکو بەسۆز ، بەڵام تا چەند بڕوات بە سۆزی کورانی ئەم زەمانە هەیە کە لەرۆژێکدا داوای پەیوەندیی لەدە کچ دەکەن؟

**ستیفان شەمزینانی:** منیش دەڵێم تۆ ناتوانیت یەک دانە سۆز دابەش بکەیت بەسەر دە کەسدا، بۆیە بەبڕوای من ئەو پەیوەندییانە نابنە عەشق، هەرکاتیک بوونە عەشق بەو شیوەیەو لەوقاڵبەدا نامیننەوە.

وەک لەسەرەتاشەوە وتم ئەمانە لەبنچینەوە خۆیان عەشق نین، بەشیوەیەک لەشیوەکان کات بەریکردنن و ئومیدی ئەوەیان لێناکری رۆژیک بیتە پیشەوە بچنە بازنەی عەشقەوە.

ئەوە رەوشتی دەستبازیی و دەرئەنجامیکی زۆر خراپی تیگەیشتنمانە لەپەیوەندیی سروشتی نیوان هەردوو رەگەز.

**ئەوین:** جۆرێکی تر لەخۆشەویستی سەریهەڵداوە لەریگەی مۆبایلەوە بی ئەوەی ئەو دووکەسە یەکتریان بینیبیت خۆشەویستی دەکەن، تۆ چۆن لەمە دەروانیت کە تەنانەت نایانەویت خۆیان نیشانی یەکتر بدەن؟

**ستیفان شەمزینانی:** ئەو فۆرمە هەرناویکی هەبیت ناوی خۆشەویستی نییە، وەک وتم بەتاڵکردنەوەی ئەو سایکۆلۆژییەتە هەڵچووەیە کە هەمیشە شەرمن و ترسنۆک بووە لەوەی راستەوخۆ و بی سلەمینەوە بەرەو رووی رەگەزی بەرامبەر بیتەوە، ئەوە بەربەست و لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئیمەن ناهیڵن ئەو دوو مرۆڤە بەشیوەیەکی ئازادانە لەگەڵ یەکتر مامەلە بکەن و یەکتر بخویننەوە.

گەنجی چەپینراوی کورد ناچارە بۆ ئەوەی گویی لە دەنگی کچیک بیت یان بە پیچەوانەوە، لەو ریگەیەوە ئەو بۆشاییە عاتیفییەی هەیەتی پری بکاتەوە، بەڵام واقیعەن ئەم گەنجانە گوناهن چونکە وا دەزانن عەشق دەکەن، چون ئەو کردەیە سەدو هەشتا پلە بە پیچەوانەی عەشقەوەیە.

بەکورتی ئەو ریگەیە ریگەی عەشق نییە، دۆزینەوەی درزیکە لەو دیوارە ئەستوورو پۆڵاینەی کە کوڵتووری کوردەواریی لەنیوان دوورەگەزەکەدا دروستیکردووەو رۆژانە چیمەنتۆی زیاتری تیدەکات.

**ئەوین:** زۆربەی کوران بەبیانووی سەیرو سەمەرەوە نایانەوی کچان ببینن و تەنیا بە مۆبایڵ عەشق دەکەن تۆ چۆن سەیری ئەمە دەکەیت؟

**ستیفان شەمزینانی:** ئەو گەنجانەی باسیان دەکەیت ژمارەیەکی زۆر کەمن لەچاو ئەو لێشاوە بیشوومارەی گەنجە بەدبەختەکان، بەپیچەوانەوە بەشی زۆری کوران تامەزرۆن کچیک ببینن، پیموانییە ئەوەی تۆ باستکرد وابیت، ئەگەریش وابوو وینەی کۆمەڵگەکەمان پیشان دەدات چەندە ترسی دروست کردووە لەسەر رۆحی عاشقەکان و چەند تورەو دڵڕەقە بەرامبەر بەخۆشەویستە نازدارەکان.

لاموانییە کوریک هەبیت حەز بکات کچیک کە پیشتر گویی لەدەنگی بووە نەبینی، بەپیچەوانەشەوە هەر راستە، بەقەناعەتی خۆم ئەگەر هەردوولا بزانن فورسەتیکی لەبارو بی ترس هەیە بیگومان دەیانەوی یەکتر ببینن.

**ئەوین:** ئەی ئەگەر ئەو فورسەتەشی هەبوو بەڵام هەر نەیانویست یەکتری ببینن؟

**ستیفان شەمزینانی:** دیارە دەبیت لەرووی دەروونییەوە شیکاریی بۆ کەسیتی ئەو مرۆڤە بکریت، لەوانەیە ئەو کەسە لەرووی سایکۆلۆژییەوە گری و گۆڵی هەبیت، یان کەسیتییەکی ناکۆمەڵایەتی بیت و هەستی خۆ بەکەمزانین تیایدا دروست بوویت.

بەڵام دیسان پیموایە ژمارەی ئەو کەسانە زۆر زۆر کەمە، بۆناسینەوەی نەخۆشییەکانی ئەم کەسانەش دەبیت لەرووی دەروونییەوە بیانخویننەوە، ئەمیش ئیشی پسپۆرانی بواری دەروونشیکارییە بەم کارە هەڵستن.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**ئەوین:** بەڵام تۆ پێتوانییە خۆشەویستی ئێستا هەمووی بووە بەرابواردن و خیانەت و دەست گەرمکردنەوە؟

**ستیفان شەمزینانی:** با ئێمە چەمکەکان جیابکەینەوە، قۆڵبرین قۆڵبرینە، دەست گەرمکردنەوە دەست گەرمکردنەوەیە، رابواردن ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی، خیانەت هەر خیانەتە، خۆشەویستیش هەر خۆشەویستییەو تا قیامەت وەک خۆی دەمینیتەوە.

**ئەوین:** تۆ وتت ئەو پەیوەندییەی لەرێی مۆبایلەوە دروست دەبێت بەخۆشەویستی نازانم بەڵام ئەم حاڵەتە بووە بە خۆشەویستی و زەواجیشی لێکەوتۆتەوە ئەی ئەمەیان چی؟

**ستیفان شەمزینانی:** مەرج نییە ئەو پەیوەندییەی زەواج دروست دەکات خۆشەویستی بێت، **تەنانەت زۆربەی هاوسەرگیرییەکانی کۆمەڵگەکەی من و تۆ هیچ کیماسییەکیان نییە جگە لەخۆشەویستی،** لەلایەکی ترەوە لەوانەیە لەزۆر حاڵەتدا ئەو پەیوەندیی گرتنە بووبێتە هۆی دروستبوونی خۆشەویستی بەمانا کوردییەکەی، بۆیە دەڵێم بەمانا کوردییەکەی، چونکە تەنیا لەکوردستاندا ئەو جۆرە خۆشەویستییەم بینیوە، ئەوجا پێشان دەمانووت عەشق لەنیگایەکەوە دەست پێدەکات تا ئەوەی مرۆڤ وێران دەکات، رەنگە لەمەودوا واپێویست بکات بڵێین عەشق لەزەنگی تەلەفۆنێکەوە دەست پێدەکات.

بەرێزم شێوازەکانی رۆیشتن بۆ عەشق ئەم شێوازە نییە (واتە لەرێی مۆبایلەوە)، ئاخر کاتێک عەشق دێتە ناوناختەوە لەرێی مۆبایلەوە نایەت، مۆبایل ئامێرێکی بێگیان و مردووە و ناتوانێ ئەو کارە راپەڕێنێت.

تۆ مرۆڤێک نەبینێت ناتوانی هیچ بڕیارێکی لەسەر بدەیت، لەباشترین حاڵەتدا تۆ وەک ئەو کوێرە وادەبێت کە لەژیانیدا فیلی نەبینیوە و دەست دەدات لەشفرەکەی و دەڵێ فیل شفرەیەکی رەقە، با کەمێک بێ پەردەو پێچ و پەنا قسەبکەین، ئەو جۆرە تەنیاو تەنیا پاڵنەرە سێکسییەکان لە پشتییەوەن، گەنجی وڵاتەکەی من و تۆ هیچ رێگەیەکی نییە بۆ ئەوەی بتوانێت مومارەسەی سێکس ئەنجامبدات لەرێی زەواجەوە نەبێت، دەبێت پێش ئەوەی فیلمی بسووتێت ژیانی هاوسەری پێکبێنێت.

من ئەوە ناو دەنێم پەیوەندیی مۆبایل، ناوی دەنێم زەواجە مۆبایل، یان خۆشەوستی مۆبایل کەخۆشەویستییەکی عەنتیکەو تایبەتی کوردییەو عەشق نییە.

**ئەوین:** بەڵام زۆرجار هەبووە کەسێک لەرێی مۆبایلەوە خۆشەویستی کردووە، بەڵام بێ ئەوەی بیبینێت زۆریشی خۆشویستووە، ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

**ستیفان شەمزینانی:** ئەوەی تۆ دەیڵێیت سیحرە، سەرم لەوە دەرناچێت.

**ئەوین:** تۆ چۆن سەیری ئەو پەیوەندییە دەکەیت کچەکە بەکورەکە دەڵێت وەک برام وایت یان کورەکە بەکچەکە دەڵێ وەک خوشکم وایت هەموویشی سەر زارەکییە؟

**ستیفان شەمزینانی:** ئەوە موجامەلەیەکی زۆر سەیری کۆمەڵگەی کوردییە، مرۆڤی ئێمە بۆ ئەوەی هەمیشە پاکیتی خۆی نیشان بدات، ناچارە کۆمەڵێک تەمسیل بکات و کۆمەڵێک درۆی شاخدار بهێنێتە پێشەوە، تا بە بەرامبەرەکەی بڵێت کچەکە یان کورەکە، من هیچ مەرامێکی خراپ و سێکسی و بێگانانەم بەتۆ نییە، وەک برا یان وەک خوشک پەیوەندیی لەگەڵ تۆ دەگرم.

**مرۆڤی ئێمە دەیەوی هەمیشە وێنەیەکی پاکی خۆی نیشان بدات و وەها لەبەرامبەرەکەی بگەیەنێت لە سێکسی (قیزەون) بەدوورە،** باشترین وێنەو چەتر خوشک و برایەتییە، چونکە هەموو دەزانین لە تەواوی دونیادا هیچ خوشک و برایەک مومارەسەی سێکس ناکەن وپاکترین پەیوەندییان بەیەکەوە



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەیە، بۆیە ئەو کە بەتۆ دەڵی وەک خوشکم وایت و یان بەمن دەڵێت وەک برام وەهایت، پاکانەیەکی پێشوەختە، تەنیاو تەنیا لەپێناوی پێشکەشکردنی وێنەیەکی بێگەردو نموونەیی خۆماندایە هەر لەسەرەتای ناسینەوە یاخود بەدرێژایی ئەو پەیوەندییەی کە بەیەکەوە هەمانە.

**ئەوین:** دواجار دەمەویت بڵێم دوا پەیام و دوا ئامۆژگاریت چییە بۆ گەنجانی وڵاتەکەمان کە چۆن خۆشەویستی بکەن وبە چ شێوەیەک بێگەیەننە ئەنجام؟

**ستیفان شەمزینانی:** لەپێشدا دەمەویت بڵێم زۆر ڤینم لەوشەی ئامۆژگارییەو دژی هەر جۆرە ئامۆژگاریی کردنێکی خەڵکم، ئاخر من خۆم چیم تا ئامۆژگاریی خەڵک بکەم؟ بەڵام ئەگەر وەک بۆچوون و ئەزموونێکی تایبەتی بێت بە گەنجەکانی هاوتەمەنی خۆمی بڵێم تا بەرۆشنی کارێک ئەنجام بدەن ئەوەیان شتێکی ترەو رەنگبی یەک دووقسەم هەبێت بۆ دركاندن.

**من پێموایە خۆشەویستی پلەیەکی زۆر باڵاو کاریگەرە، لەبووندا هیچ وجودێکی تر نییە وەک ئەو،** بۆیە ئەوانەی بەمۆبایل ئەنجام دەدرێن و لەسەر گردو بەرزاییەکانی قەراغ شار روودەدەن یان لەبەردەم دەرگاکانی خوێندنگاکانی کچان دەیانبینین هیچیان ناتوانن ببنە خۆشەویستی، ئاخر هاوڕێی ئازیزم خۆشەویستی بریتییە لەپەیوەندییە رۆحییە قووڵ و بێگەردەکان.

**داوا لەگەنجانی وڵاتەکەم دەکەم خۆیان پەروەردە بکەن و بەفۆرمێکی راست و دروست و بەرۆح ئاویتەی خۆشەویستی بن و پەیمان لەگەڵ خۆشەویستی و ئەوکەسانە ببەستن کەخۆیان دەیانەوێن و بەکامی دڵ و بەوپەڕی متمانەوەو قەناعەتەوە دەیانەوێت بۆ هەمیشە بۆ یەکتربن و بۆ یەکتر بژین، وابزانن هەر لەبناغەوە یەک رۆح و جەستە بوون و شمشێری قەدەر دوولەتی کردوون.**

وا لەپرۆسەکە بڕوانن بەیەکگەیشتنیان واتە بوونەوە بەیەک، هەرواش وەک نیوەیەکی ناتەواو خۆیان ببینن کە لەکاتی عەشقدا دەبنەوە بە یەک جەستەو رۆحێکی تەواو و کامڵ.

## تێبینی:

**1- ئەم هەڤپەیڤینە پوختەی دیمانەیەکی دوو ئەڵقەیی بەرنامەی (دیاردەکانی کۆمەڵ)ی رادیۆی هەرێمی کوردستان- سلێمانییە، کە بەرنامەکە لەلایەن رۆژنامەنووس (ئەوین عەلائەدین)ەوە ئامادەو پێشکەش دەکرێت.**

**2- هەموو پرسیارو وەڵامەکانی ئەم هەڤپەیڤینە بی هیچ دەستکارییەک لەبەر کاسێتەکانی دیمانەکە نووسراونەتەوە، تەنیا ئەگەر وەڵام و رستەیەک دووبارە بووبێتەوە لێی لابراوە، جگە لەوەش هەموو ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانەی بۆ بەرنامەکە هاتوون لەگەڵ وەڵامەکانیاندا نەنووسراونەتەوە، چونکە زۆرترینی ئەو پەیوەندییانە یان هەمان ئەوپرسیارانە بوون کە ئامادەکاری بەرنامە پرسیبوونی یان پەیوەندییان بە حالەتی تاکەکەسییەوە هەبووە، بۆیە بەپێویستمان نەزانی لێرەدا هەبن.**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image